# بەندی (٥) لە جاڕنامەی گەردونیی مافی مرۆڤ

هیچ مرۆڤێك ئەشکەنجە و سزا نادرێت و ڕەفتاری توند و تیژ و دڕندانەو ئابڕوو بەری لەگەڵدا ناکرێت

## مەرگی دیکتاتۆر و تێڕوانینێکی مرۆڤدۆستانە



### مافپەروەر: نیظام فیصل

ئەوەی دوژمنی سەرسەختی مرۆڤە هەر مرۆڤ خۆیەتی ، ئەوەی ژیانی مرۆڤایەتی شێواندوە هەرمرۆڤ خۆیەتی . لەجەنگی دووەمی جیهانیدا تەنیا تاکە کەسێک بوو بووە هۆکاری لەناوبردنی ملیۆنەها مرۆڤ . هەر تەنیا تاکە مرۆڤێکیش بوو لەماوەی سی و پێنج ساڵی حوکمرانی عیراق لەلایەن حیزبەکەی ، دوای ئەنەامدانی دوو جەنگی نێودەوڵەتی ، هەموو جۆرەکانی تاوانی دژە مرۆڤایەتی ، کۆمەڵکوژی و پاکتاوی نەژادی و بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو لەسەر هاولاتیانی خۆی تاقی کردەوە .
هێتلەری نازی و سەدامی بەعسی بوونە هۆی ئەوەی سەدەی بیستەم شومترین سەدەی مێژووی مرۆڤایەتی بێت وسەدەی شەرمەزاری بێت بۆ تەواوی مرۆڤایەتی و بەکۆتاییان ، کۆتایی هات بە دوو سیستەمی مرۆڤکوژی دژەئادەمی .
دادگایی کردنی سەدام و دارو دەستە دەستگیرکراوەکانی لە دادگایەکی شەفاف و سەربەخۆ و عادیلانەدا ، گەورەترین دەستکەوتی پرشانازی دوای **٢٠٠٣/٤/٩** بوو بۆ کەس و کاری قوربانیان و زیانلێکەوتوان . لەم دادگاییە نیشتمانیەدا ەگەلەوەی تاوانەکانی دەسەلاتی پێشوی بە یاسا ساغ کردەوە ، ئاماژەیەکیش بوو بۆ کۆمەڵگەی نێو نەتەوەیی کە ئەوە عێراقیەکانن دەتوانن گەورەترین دیکتاتۆر و خوێنرێژترین کەس لە سەر دەستی رۆلەکانیان دادگایی بکرێ بە دەستە بەرکردنی تەواوی مافەکان بۆ تۆمەتباران . هەروەک دادگایی کردنی سەدام بە تایبەتی لە پێش دەست لە کارکێشانەوەی دادوەر (رزگار محەمەد ئەمین ) سەلماندی کە ئەوە تەنیا صدام و هاوکارانی بەرپرسن لە تەواوی تاوانەکان و ئەوەش عێراقیەکانن کە گیان و ژیانی هەر مرۆڤێکیان بەلاوە گرنگە تەنانەت ئەگەر سەدامیش بێت ! ئەو هەڵوێستە مرۆڤ دۆستانەیە تاکو جێبەجێکردنی بریاری دادگا لە کێشەی دوجەیل بەردەوام بووە ، بەلام کاتێک سەدام لەسێدارە درا بەبێ رەچاوکردنی پرنسیپی مافەکانی مرۆڤ ، سەرەرای رەتکردنەوەی سزای لەسێدارەدان لەلایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی وەکو سزایەکی نامرۆڤانە ، هەموو ئەو سەروەریانەی کاڵ کردەوە کە بە درێژایی دانیشتنە کانی دادگایی بنیات نرابوو .
یاسا لە دابینکردنی مافەکان بۆ تۆمەتباران و تاوانبارانی حوکمدراو جیاوازی لەنیوان کەسەکان ناکا و لە بارودۆخ و شێوازی لەسێدارەدانی سەدام یاساکان پێشێل کران . لێرەدا پرسیار ئەوەیە : ئایا هوتاف کێشان لە کاتی لە سێدارەداندا ، ئەوە تۆڵەی قوربانیانی دوجەیل بوو ؟ ئەمە قەرەبوی تێک دانی باخچەکانیان بوو؟ بێگومان نەخێر . سەدام سەدان جار لە سێدارە بدرێ و بە هەموو رێگایەک ئەشکەنجە بدرێ ، یەکسان نابێت بە ئازاری ئەو ژنە کوردانەی منداڵیان بوو لە ناو گرتووخانەی نوگرە سەلمان ، داهاتی هەموو عێراق قەرەبوی ساتێکی ( تەیمور عەبدولێ )ی شاهێدی ئەنفالەکان ناکاتەوە کە لەتەمەنی منداڵیدا کەس و کاری بەبەرچاویەوە زیندە بە چاڵ کران . تاوانەکان هێندە گەورەن نابێ شانازی بە ئازاردانی سەدام بکرێ و لەدوای لەسێدارەدانی لەتەرمەکەی بدرێ و سەمای لەسەربکرێ ، چونکە نە ئێمە درێژە پێدەری سیاسەتەکانی سەدامین و نە ئەویش رێبەر و رێنیشاندەری ئێمەیە . بۆیە دەبوایە جێبەجێ کردنی بریارەکەی دادگا بە شێوەیەک بوایە کە زیاتر شانازیمان بە کۆتایی هاتنی دیکتاتۆر بکردبوایە نەک ئەنجامدانی هەڵسوکەوتی بەربەری و نامرۆڤانە .
دادوەر رزگار بناغەی دادگایی کردنی عادیلانەی داهێنا کە رەتکردنەوەی فەلسەفەی قەزای پێشوو بوو. بەلام رێبازی دادگایی کردنەکە لە جێبەجی کردنی بریارەکە بە ئاقارێکی تر رۆیشت ، ئەویش سەرگەردانیەک بوو کە جگە لە لاوازی دەسەلاتی جێبەجی کردنی عیراقی ، ئاستی رۆشنبیری دەستەبژێری شیعەگەرایی پیشاندا ، بەپیرۆزراگرتنی شارستانیەتی ەەنگ و کوشتار و مەزهەب پەرستی و یەکتر قبوڵ نەکردن کە کلتورێکی بە میرات بەجێماوی عێراقە . ئەمە بووە سومبلی لەسێدارەدان نەک کۆتایی هاتن بە دیکتاتۆرێک و هاتنی ژیانێکی نوێ جیا لەجاران . لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر لە رووە یاساییەکەشدا لەسێدارەدانی سەدام وربینەوە وەکو گەورە تاوانبارێکی لادەری نائاسایی ، راستە بەپێی یاسای ژمارە (١٠) ی ساڵی **٢٠٠٥** کە یاسای دادگاکەیە رۆژی بۆنەی فەرمی و پشوی تێدانیە بەڵام لەسێدارەدانی سەدام دژی ماددەی (٢٩٠) ی یاسای دادبینی سزایی (صول المحاكمات الەزائیە) بوو چونکە لەسێدارەدانەکە لەرۆژی پشوی فەرمی بوو . لەرووی ئەمنی قەومی عیراقیشەوە لەسێدارەدانی پیاوێک کە بەهەزاران کەس لە عەرەبی سونە بەسەرکردەی خۆیانی دەزانن لەوکاتە ئایینیە پیرۆزەدا کەکاتی نوێژی جەژنی قوربان و رۆژی گەردن ئازایی و لێبوردەیی بوو ، ئەمە بە بێ رێزیەک هەژمارکرا بەرامبەر هەستی موسڵمانان و قینی مەزهەب گەرایی تازەکردەوە و بووە هۆی دواخستنی ئاشتبونەوەی مەزهەبی و ئاگری جەنگی تۆڵەکردنەوەی گەش کردەوە . لەکاتێکدا لەهەموو کاتێک زیاتر ئەمرۆ سیستمی سیاسی عیراق وەکو سیستمێکی لەرزۆکی شلەژاو پێویستی بە ئارامکردنەوەو سرنج راکێشانی عەرەبی سونە هەیە بۆ پۆچەڵ کردنەوەی تیۆری (عیراقی بێ سەدام مەحاڵە )
ئەگەر عیراق خاوەنی سیستمێکی بنکە جێگیرو خاوەنی ئاسایش بوایە . لابردنی سزای لەسێدارەدان لەیاساکانی عیراقی و بەندکردنی سەدام بۆ هەتاهەتایە دەبوە هۆی قۆستنەوەی ئەو دەرفەتە مێژووییە و لەروانگەی خواستی مرۆڤدۆستی و حورمەتی رەگەزی ئادەمی وەلامی بەعسیەکان و سەدامیەکان دەدرایەوە کە مرۆڤ نرخ و بەهای تایبەتی خۆی هەیە ئەوەی ئەوان چەندین ساڵە ئەنجامیاندا لە رەوشت و نەریتی رەگەزی مرۆڤ و نەوەی ئادەمی بەدوورە . سەبارەت بە ئاسودەکردنی هەست و سۆزی قوربانیانیش ئەوەندە بەس بوو سەدام لەنێو ژوورەکەیدا نوقمی غەمی ئاوادانکردنەوەی کوردستان و گۆرانەکانی دوای دەسەلاتی خۆی بوایە لەعیرقدا و لەبارچونی پرۆژە رەگەزپەرستیەکانی بەچاوی خۆی بدیتبوایە و بەنزمترین ئاست سوک و ریسوا ببوایەو بەو غەمانە سەری بنایەوە نەک لەچرکەساتێکدا ژیان بەجێ بهێڵێ و بەشەهید ناوببرێ ! کەلەسێدارەشدرا ، بۆرای گشتی و نێودەوڵەتی روون بووەوە کە میلیشیا لەشوێنی حکومەتەو ، مەزهەب لەجێگەی حوکمی گەلە ، تۆڵەکردنەوەی عەشایەری لەجیاتی بریاری دادگایە ، سەرگەردانیش بەرقرارەو باڵی پۆشیوە بەسەر یەکسانی و یاسا .



# چاوی هزر

## وەرن پارێزەران ٠٠

بە گوێی هزر بکەن لە کۆنگرەی چاوەروانکراوی سەندیکاکەتان پێشنیازی ئەوەبکەن کەوا هاوبەشی سالآنە و خانەنیشنی پارێزەران زیاد بکرێت و غرامەی دوواکەوتن لە نوێ کردنەوە ی ناسنامە لە سەدا پەنجا بکرێت بە سەدا سەد و ماوەی دورخستنەوەی پارێزەرانیش بەهۆی نەدانی هاوبەشی سالآنە لە دوو سالەوە بکرێت بە سێ لە گەڵ وادەی بەستنی کونگرەکەتان , باوربکەن ئەو کاتە سەندیکا تان دەولەمەندتر دەبێت بەبێ ئەوەی یەک فلس لە گیرفانی پارێزەران درچێت , چونکە حزب ئەو ئەرکە دخاتە ئەستۆ بەمەبەستی کرینی دەنگەکان و بی دنگ کردنی پارێزەران .

## بۆ ئەوانەی کە دەڵین قەزا سەر بەخۆیە لەهەرێمی کوردستان

لادان و گواستنەوەی دادوەر ( علی احمد جاف ) دادوەر لە دادگای ئستنافی هەولێر بە بریارێک لە سەر کێشەیێکی قەزایی نێوان دوو کۆمپانیای زەبەلآح ( کۆپانیای سیتا) ی فەرەنسی و کۆمپانیای (قیرات) ی عێراقی ) ئەوەی هزر بستوێتی دربارەی ئەو کێشەیە و دست تێوردان و تێوەگلانی حیزبی و حکوومەت و هەتا دادوەرانیش جێگای شەرمەزاریە بۆ دەسەلآتی قەزایی لە هەرێمی کوردستان , کە دەبێت دسەلآتێکی سەربەخۆ و بێلایەن و پاک و بوێر بێت .

## لە سەر بەڵێنی خۆمانین ٠٠٠٠

لە ژمارەی پێشووی هزر بەڵێنی ئەوەماندا کە وا دەقی بریاری دادگای تاوانی دووی هەولێر بخینە بەر چاوەی یاساناسان بۆ ئەوەی خۆیان ببنە شایەتحاڵ لە سەر ئەو بارەی کەوا دەسەلآتی دادوەری تێکەوتووە لە هەرێمی کوردستان . هزر تەنها ئەوە دڵێت ئەو بەرێزەی کەوا دادوەر لە بریارەکەی ئیقتدای پێدەکات ئەو کات سەرۆکی حیزب بوو نەک سەرۆکی هەرێم .

**((كون المتهمين شباباً و فى مقتبل العمر و ان صحيفه سوابقهم خاليه من لوپ الجريمه و رأت المحكمه كذلك انه من الأصلح اعگاء فرصه لهم للعوده الى المجتمع بعقل و تفكير سيلمين بدلاً من تچخم الچغائن و الأحقاد فى قلوبهم هذا فچلاً ان صدور قرارات العفو من رئاسه حكومه اقليم خير دليل على هذا التوجه و كذلك ما احتوتها سيره البارزانى الخالد و تأكيدات الرئيس مسعود البرزانى حفظه الله ادله واقعه لدعم ماتذهب اليه هذه المحكمه عند تقدير العقوبه بحقهم ٥ و صدر القرار بالأتفاق حچوريا قابلاً للتميز و افهم علنا فى ١٠/٣/٢٠٠٤**

| | | |
|---|---|---|
| **العضو** | **العضو** | **الرئيس** |
| **نوزاد كريم حكيم** | **فؤاد صابر رشيد** | **اسماعيل خليل شكيب ))** |

